# پـــرێــســنــامــه*

## پێڕەوی ناوخـۆی یەکێتـی پڕە لە هـەڵە و بـابـەتـی نـادیمـوکـراتـی!

وەک هەموو ئاگادارین یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە 6/1 دا گۆنگرەی سێهەمی خۆی دەگێرێ. لەبەر ئەوەی یەکێتی خاوەنی خەباتێکی درێژ و پێشڕەوی بزوتنەوەی ڕزگاری کوردستان بووە و ئێستا حیزبێکە لە دەسەڵاتدایە و بڕوای بە سۆشیالیزم و دیموکراتی هەیە، بمانەوێ و نەمانەوێ کاریگەری زۆری هەبووە و دەبێ لەسەر کۆمەڵگای کوردستان. لەم کۆنگرەیەدا گەلێک هەڵسەنگاندن و بابەت و بڕیاری گرنگ ئەنجام دەدرێت، وە بە بڕوای من لە هەموویان گرنگتر مەسەلەی داڕشتنەوەی پێڕەو و پرۆگرامە. پرۆگرام کە پەیوەستە بە ئایدۆلۆجی و جیهانبینی و ئامانجەکان و نەخشەی ڕێگای یەکێتیەوە، پێرەویش برییە لە شێوازی بیرکردنەوە، وە رێسا و دەستورە بۆ دابەشکرنی کار و دەسەڵات و رێخستنی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی یەکێتی، وە هەروەها پێرەو راستەوخۆ پەیوەندی بە ئاستی دیموکراتییەوە هەیە. ئەگەر ئاستی دیموکراتی ناوخۆیی یەکێتی بەرزبێ بێگومان کاریگەری پۆزەتیڤی دەبی لەسەر دیموکراتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا.
بەداخەوە پێروەی ناوخۆی گۆنگرەی دووی یەکێتی و ئەو پێرەوەی پێشنیارکراوە بۆ ئەم کۆنگرەیە پرن لە هەڵە و بابەتی نادیموکراتی، کە ئەوەش کاریگەری خراپی لەسەر دیموکراتی و گەندەلی لە کوردستاندا دەبێ. لەبەر ئەوە بە بۆچوونی من دەبێ ئەرکی هەموو کەسێکی دیموکرات و دڵسۆزی کوردستان بێ کە رێگر بێ لە پەرەی نادیموکراتی و گەندەلی لە کوردستاندا ، بۆیە من دەمەوێ لە رێگای مێدیای کوردستانەوە و لە ڕێگای نوێنەرانی کۆنگرەوە ئەم بابەتە بوروژێنم بۆ ئەوەی یەکێتی سەرکەوتو بێ لە داڕشتنی پێرەوێکی پڕ دیموکراتی کە خزمەت بە دیموکراتی کوردستان بکا.

**1 /** لەبەر ئەوەی مێدیاکانی کوردستان خوێنەر و بینەر و گوێگریان زۆرە و گاریگەریان لەسەر ئەندامانی یەکێتی و نوێنەرانی بۆ کۆنگرە هەیە، داوا لە مێدیای کوردستان دەکەم کە مەسەلەی داڕشتنەوەی پێروەی یەکێتی بە گرنگ وەربگرن و تیشکی تەواو بخەنە سەر کەموکورییەکانی و گفتوگۆیەکی گەرمی لەسەر دروست بکەن، چونکە وەک ئاماژەی پێکرا پێرەوەکە کاریگەری دەبێ لەسەر دیموکراتی ناوخۆی یەکێتی بەتایبەتی و کۆمەڵگامان بەگشتی. *(بێگومان لەلایەکی تریشەوە ئاشکراکردن و تاوتوکردنی کەموکوریی و نادیموکراتییەکانی پێرەوی یەکێتی سود و کاریگەری باشی دەبێ بۆ مەسەلەی پێرەو داڕشتن لە کوردستاندا بەگشتی وە بۆ حیزبەکانی تریش بەتایبەتی، چونکە کەموکورییەکانی ئەوان گەلێک لە هی یەکێتی زۆرترن)*. گرنگی دانی میدیای کوردستان بەو مەسەلەیە کاریگەری دەبێ لەسەر نوێنەران لە کۆنگرە دا، بەو هیوایەی کە بتوانن هۆشیاری پێرەو و بیری دیموکراتی بەرزبکاتەوە تا هەڵە و بابەتی نادیموکراتی بەسەریاندا تێنەپەرێ و سەرکەوتوبن لە دارشتنی پێرەوێکی دیموکراتیدا.

**2 /** داوا لە ئەندامان و نوێنەران بۆ گۆنگرە دەکەم، لە ریگای وتار و چاوپێکەتن لە میدیاکاندا وە هەروەها لە کۆنگرەدا کاری جدی بۆ پێرەویکی دیموکراتی بکەن و دەنگ نەدەن بۆ ئەو خاڵە نادروست و نادیموکراتییانەی کە پێشنیارکراون.

بۆ هاندان و گەرمکردنی موناقەشەکانی بابەتی پێرەو و هەڵەکانی پێرەوی یەکێتی بەندە گەڵاڵەی پێرەوێکی ئەڵتێرناتیڤ و چەند نوسراوێکی تری ئامادەکردووە کە هەرکەسێ بییەوێ دەتوانێ لەم سایتەی خوارەوەدا بیخوێنێتەوە. http://www.s-info.se/cardoi

تکایە بۆ تێبینی و پرس و بیروڕا پەیوەندی بکەن بەم ئیمەل و تەلەفونەی خوارەوە.
تەلەفون: 004670786651، hewa.cardoi@comhem.se یان hcardoi@hotmail.com

هـیــوا کـــاردۆیـی
ئەندامی ئەنجومەنی هەرێمی رۆژئاوای سوید لە لیستی سۆشیالدیموکراتەکان، وە کادری و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی.

* **پــرێـسنـامـه**: بە واتای ئاگادارینامەی رۆژنامەوانی، press release، لەسەر شێوەی داڕشتنی وشەی پرێس کۆنفرانس/گۆنگرەی رۆژنامەوانی دێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com